# له ( دارگوێز )ەوە بۆ ( ماكدۆناڵد )

**مەریوان مەسعود**

mariwan77@maktoob. com



٭كە لەهەولێربووم، ئێمە سێ گەنج بووین هەرسێكمان بەڵێنماندابوو كە تا لەژیان مابین دەبێ هەریەكەمان سەیارەیەكی (ئۆپڵ) بكڕین (كە ئەوە خەونی هەرسێكمان بوو تەسەورمان نەدەكرد بێتەدی) لەئەنجامدا من لەسلێمانی گیرسامەوەو تەنانەت پاسكیلیشم بە نسیب نەبوو، بەڵام ئەوان، یەكەمیان بەهۆی كاركردنی لەكەناڵێكی ئیعلامی لەهەولێر ئۆپڵێكی ڕەنگ سووری مۆدێل بەرزی كڕی بەمۆبایلەوە. كەچی داخەكەم ئەوەی دووەمیان دوای ئەوەی سەفەری خاریج دەكاو پاش چوار ساڵ لەغوربەت، بەخۆی‌و سەیارەیەكی ئۆپڵی سوورەوە دێتەوە هەولێر، كەچی لەرێگەی شەقڵاوەو لەنێو ئۆپڵە سورەكەدا دڵی دەوەستێ‌و دەم‌و دەست دەمرێ!و ئۆپڵەكەش هەلاهەلا دەبێ!. . بۆیە لەو رۆژەوە ئەوەی سەیارەی جۆری ئۆپڵی پێبێ هەر مەرحەباشی ناكەم‌و چیتریش خۆم خەوی پێنابینم.

٭ئەم سیناریۆ واقیعیەی سەرەوە تا ڕادەیەك شەخسیە، بەڵام گەر بە لۆژیك بۆی بچین سەیر دەكەین خەونەكانمان بەردەوام بە هەدەرمان دەبەن. . بەتایبەت خەونی گەنجانی كورد كە دوای ماڵئاوایی كردن (چوون بۆ خاریج بەیەكجاری بچووك دەبنەوەو چەمكی بەزەیی ون دەكەن.

٭لەم سۆنگەیەوە، قسەی ئەو پیرەژنەم بیركەوتەوە كە پاش ئەوەی سەیارەیەكی جۆری (مازدا)ی تازە مۆدێل بە خێرایی بەلای‌دا رەتبوو چڵكاوی ئەو ناوەی كرد بەپیرەژنەكە، ئەویش هیچ دوعایەك نەما وتی؛ یاخوا ئەوەی فەقیرە زوو بمرێ!.

ئەم دوعایە بۆ؟ لەپێناوی چی؟ تۆ بڵێی هەموومان دەوڵەمەندبین؟ تۆ بڵێی ئێمە بۆ مردن دروستكرابین؟ یان ئەم موراهیقانە بۆچی سومعەی ئەم شەریكە بیانیانەی سەیارە سووك دەكەن؟

نلزانم، لەوانەیە گەربڵێم حەزم لە سەیارەنییە (وەكو ئەو خەڵكە) بە موبالەغەی بزانن، بەڵام دەترسم دواتر ئیحترام‌و عاتیفەم لەبیرچێتەوەو وەكو چۆن قەسابێك دەڕوانێتە گۆشتەكەی كە لەبەردەستیدایەو چەقۆی بۆ تیژ دەكا، منیش ئاوا بكەم لەبەرامبەر كەسانی دەوروبەرم. . !.

٭خەونی سەیارەی جوان‌و خانووی گەورەو چوون بۆ خاریج‌و وەرگرتنی ئەرزە لەشارەوانی‌و نەمانی پێشەكی خانوو و واسیتەكردن بۆ بوون بە تەڵەبەی‌خوێندنی باڵاو دامەزراندن لە مونەزەمەی لوغم‌و. . تاد. ئەو خەونە بۆگەنانەیە كە هەر یەكێك لە ئێمە تامردنیش بۆی دەژی (بەتایبەت گەر لەكوردستان بژی).

كەچی كەممان هەیە هەست بەوە بكەین كە هەموومان بەدەردەكەی هاوڕێكەی من دەچین كە لەپڕ ئەجەل هاتوو بردی. . هەست بەم وشە جوانانە ناكەین كە كوڕێكی عاشق بۆ كچێكی نغرۆی نێو چوار دیوارەكانی دەكات. . وەڵێ جگە لەبیستنی گەڵای دۆلارو قاچاغچی‌و دەریاچەی (ئیجە)و خاریجە حەیاتەكە گوێمان لەچی‌تر نابێ لەنێو كۆڕە گەرمەكانی لاوانی كورد لەم سەردەمە. . كەسمان نادۆزیتەوە حەزی لە (دار گوێز) بێ. . هەمووممان دەمانەوێ تامی (ماكدۆناڵد) بكەین‌و هەر لەمەش ئازاین سەنتەرو نووسینگەكانی تەلەفۆن‌و فاكس پڕ بكەین‌و داوای رەقمێكی ئەورووپیی بكەین!.



www.kurdistannet.org

لەبیرمان دەچێ هەر هاتنی (دۆلار) ئاسوودەیی ناهێنێ، لەکاتێکدا لەگەڵ گەیشتنی (دۆلارەکە) فرمێسکە پڕ لەبەرائەتەکانی دایکمان لەبەرچاو نامێنێ کە رۆژانە بۆ ئێمەیان دەرێژنو جلوبەرگە جێماوەکەمان رۆژ نییە بەفرمێسك نەشوات. . رۆژنییە لەسەر ژەمی خواردن بیری ئێمەی نەکەوێتەوەو بەساقەو بەقوربانو حەیرانمان نەبێ. .

⋆دیارە، لەم چەند دێڕەی سەرەوە هەندێك عاتیفە زاڵە بەسەر قەڵەمەکەم، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ئەوەندە نیشتمانیان (کوردستانیان) لەبەرچاو ناشیرین کردووین، تەنانەت وای لێهاتووە دایکەکانمان خۆیان پێمان دەڵێن بڕۆن بۆ خاریج. . ئەوەتا یەکێك لەو دایکانەی لەسەنتەرێکی تەلەفۆنی جیهانی دانیشتبوو لە شاری سلێمانی دەیوت؛ کوڕەکەم دەرچووی کۆلێجی هەندەسەبوو کەچی بەعەرەبانە پاقلەی دەفرۆشت!. . بۆیە ئێستا لەوێ قاپ بشوا باشترە، چونکە لەم کوردستانەی خۆمان ئەوەی (مەسئول) نەبێ ناتوانێ بژی.

www.kurdistannet.org